الإمام أبوجعفر أحمد بن محمد بن سلامة الطحاوي (٩٣٥-٨٥٣)

## ڕوونکردنەوە و شەرحی

# عەقیدەی ئیمامی تەحاوی

بە پێی بیرو باوەڕی

«ئەهلی سوننەت و جەماعەت»


دانانی:

مامۆستا مەلا «عبدالله عبدالعزیر» مەرتالی



انتشارات کردستان

سنه


www.ketab.ir

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | هرتلی، عبدالله عبدالعزیز |
| عنوان و نام پدیدآور | : | روونکردنه‌وه‌ی العقیده الطحاویه : ل[illegible]رراوی اهل السنه و الجماعه /دانانی عبدالله عبدالعزیز هه‌رته‌لی. |
| مشخصات نشر | : | سنندج : انتشارات کردستان، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری | : | ۲۷۲ص. |
| شابک | : | ۹۷۸-۹٦٤-۹۸۰-۲۳٦-۷ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | طحاویه -- عقاید |
| موضوع | : | فقه حنفی -- قرن ۳ق. |
| موضوع | : | اهل سنت |
| رده بندی کنگره | : | BP۱۷۱/۴/ه۴ر۹ ۱۳۹۳ |
| رده بندی دیویی | : | ۲۹۷/۳۳۲ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۳۷۵۶۸۲۸ |

انتشارات کردستان

سنە، پاساژ[illegible]، تەلەفوون: ٣٣١٦٥٣٨٢ ـ ٨٧ ـ ٩٨+

# ڕوونکردنەوە و شەرحی عەقیدەی ئیمامی تەحاوی

ناوی کتێب (نام کتاب): ڕوونکردنەوەو شەرحی عەقیدە تەحاوی

دانان (تألیف): إمام أبي جعفر أحمد بن محمد الطحاوي

ڕوونکردنەوە (ترجمە و شرح): عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی

کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ): یەکەم (اول) ١٣[illegible] = ٢٠١[illegible]

ژمارەی لاپەڕە (تعداد صفحات): ٢٧٢ لاپەڕەی مامناوەندی [illegible]

ژمارەی چاپکراو (تیراژ): ١٠٠٠ بەرگ (جلد)

بڵاوکەرەوە (ناشر): بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

شابك: ٩٧٨ ـ٩٦٤ ٩٨٠ ـ٢٣٦ ـ٧

نرخی بەرگی ئەستوور (قیمت جلد سخت): ١٥,٠٠٠ تومان ـ ٦٠٠٠ دینار

نرخی بەرگی نەرم (قیمت جلد نرم): ١٠,٠٠٠ تومان ـ ٤٠٠٠ دینار

www.ketab.ir

# ناوەڕۆك


پێشەكی ۹

[باسی تاك و تەنیایی خوا (تَوْحِيدُ اللّٰهِ تَعالَى)] ۱۹

[جۆرەكانی یەكخوا ناسین = أنواعُ التَّوْحِيدِ] ۲۱

[باسی بێهاووێنەیی خوای گەورە] ۲٤

[باسی (كَلِمَةُالتَّوْحِيد و كَلِمَةُالشَّهادَتَيْنِ) وشەی شادە و ئیمان] ۲۵

[باسی ناو و سیفەتەكانیخوا أَسْماءُ وَصِفاتُاللّٰهِ تَعالَى] ۲۸

[باسی ویستن و حەزكردنی خوا (الإِرادَةُ و الْمَشِيئَةُ)] ۳۲

[باسی چەند سیفەتێكی خوا] ۳۵

[خوای گەورە بە سیفەتەكانیەوە (أَزَلِي) و (أَبَدِي)یە] ۳٦

[ڕای (أَهْلِ البِدْعَةِ) دەربارەی سیفەتەكانی خوا] ۳۹

[خوای گەورە ئەندازە و ماوەی بوونەوەری داناوە] ٤۲

[كوژراو بە (أَجَل)ی خۆی ئەمری] ٤۲

[گشت هەبوونێك بە بڕیار و حەزكردنی خوایە] ٤۳

[باسی گەیاندنە ڕێی ڕاست و گومڕا كردن (الهِدَايَةُ وَالضَّلَالُ)] ٤۵

[باسی پێغەمبەری ئیسلام صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ] ٤۸

[باسی قورئانی پیرۆز] ۵۳

[قورئان فەرموودەی (أَزَلِي) خوای گەورەیە] ۵٦

[گفتوگۆی خوای گەورە وەگفتوگۆی ئادەمیزاد ناچێ] ٦۰

[لە كاتێكدا ئەم قورئانە بۆ لای خوا ئەگەڕێتەوە] ٦۱

[باسی دیتنی خوای گەورە لە گۆڕەپانی (مَحْشَر) و لە بەهەشت] ٦۲

موسوڵمانان لە ڕۆژی قیامەت لە دوو شوێندا خوا ئەبینن ٦۲

[باسی (مُشَبِّهَة) و (مُجَسِّمَة) و (جَهْمِيَّة)] ٦۸

[خوای گەورە سنوور و لاشە و ئەندامی نییە] ۷۱


www.ketab.ir

[ڕوونکردنەوەی هەندێك لە (آياتُ و احاديث الصِّفات) ..... ٧٥
[خوای گەورە پێویستی بە هیچ شوێنێك نییە] ..... ٨٣
[باسی (الإسْراءُ وَالْمِعْراجُ)ی پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ] ..... ٨٦
[باسی حەوز و ڕووباری کەوسەر (الكَوْثَر)] ..... ٨٩
[باسی (شَفَاعَة) = تکاکردن لە خوا لە ڕۆژی قیامەت] ..... ٩١
[باسی تکاکردنە گەورەکەی پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مەیدانی مەحشەر ..... ٩٧
[باسی شەفاعەتی فریشتە و پێغەمبەران و پیاوچاکان] ..... ٩٩
[باسی (تَوَسُّل) پاڕانەوە لە خوا بە خاتری پێغەمبەرو پیاوچاکان] ..... ١٠٠
[باسی بەڵێن وەرگرتنی خوا لە ئادەمیزادان] ..... ١٠٦
[بەهەشتی و دۆزەخی لە (أَزَل)دا ژمارەیان دیاریکراوە] ..... ١٠٨
[پشت بەستن تەنها بە دوایین کردەوەیە لە دونیادا] ..... ١٠٩
[باسی قەزاو قەدەر (اَلْقَضَاءُ وَالْقَدَرُ)] ..... ١١١
[باسی (لَوْحُ) و (قَلَمْ)] ..... ١١٤
[باسی (عَرْشُ) و (كُرْسِي)] ..... ١١٩
[خوای گەورە لە هیچ شوێنێك جێگیر نییە] ..... ١٢٢
[وەڵامی بەڵگەکانی (مُجَسِّمَه) و (جَهْمِيَّه)] ..... ١٢٧
[باسی (إبراهيم) پێغەمبەر و (موسى) پێغەمبەر] ..... ١٣٨
[باوەڕ بە (مَلَائِكَه) و پێغەمبەران و(كُتُب)ی خوا] ..... ١٣٩
[باسی جنۆکە = الجِنّ] ..... ١٤٣
[باوەڕ بە پێغەمبەرانی خوا عَلَيهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام] ..... ١٤٤
[پێغەمبەرەکانی (أُولُو العَزْم) و بەڵێن وەرگرتن] ..... ١٤٥
[باسی (مُعْجِزَه) و سیفاتی پێویست بۆ پێغەمبەران ..... ١٤٦
ئایینی هەموو پێغەمبەران یەك ئایینە، بەڵام بەرنامەیان جیایە ..... ١٤٨
[باوەڕ بە کتێبەکانی خوا] ..... ١٤٩
[قورئان بەرنامەی ژیانە] ..... ١٥٠
[حەدیس ڕوونکەرەوەی قورئانە] ..... ١٥٢

www.ketab.ir

[(أَهْل البِدْعَه) بە موسوڵمان ناو ئەبرێن] ١٥٣

[بیر لە (ذَات)ی خوا ناکەینەوە] ١٥٤

[باسی (مُتَشابِهاتُ الْقُرْآن وَالْحَدِيثِ)] ١٥٥

[موسوڵمان بە گوناهکردن کافر نابێ] ١٥٨

[باسی (الخَوْفُ وَالرَّجاءُ)] ١٦٠

[باسی دڵنیابوون و بێئومێدی (الاَمْنُ وَالْيأْسُ)] ١٦١

[باسی (کافِر)بوون و جۆرەکانی (کُفْر)] ١٦٤

[جۆرەکانی (کُفْر)] ١٦٥

[باسی (إیمان)=باوەڕ] ١٧٠

[باسی ڕوکنەکانی (إیمانْ)] ١٧٣

[ئیمان زیاد ئەبێ و کەم ئەبێ] ١٧٤

[باسی ڕوکنەکانی ئیسلام] ١٧٦

[باسی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الْوَلَاءُ وَالبَراءَة)] ١٧٧

ئیمانداری گوناهبار بە یەکجاری لە دۆزەخدا نامێنێتەوە ١٨٢

[تۆبە و چاکە کردن گوناه لائەبەن] ١٨٤

[باسی نوێژکردن لە دوای ئیمامی (فَاسِق)] ١٨٨

[نوێژکردن لە سەر مردووی تاوانبار] ١٩٠

[لە ناو دڵی خەڵك ناکۆڵینەوە] ١٩١

[باسی پێشەوای موسوڵمانان] ١٩٢

[باسی (أهل السّنّة والْجَماعة)] ١٩٦

[(جِهاد) و بانگەوازیی ئیسلام] ٢٠٠

[قۆناغەکانی (جِهادْ)] ٢٠١

[باسی (الأَمْرُ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهيُ عَنِ الْمُنْكَرِ)] ٢٠٥

[باسی چەند جۆرە فریشتەیەك] ٢٠٧

[باسی ڕۆژی دوایی = (اَلْيَوْمُ الأَخِرْ)] ٢٠٨

[باسی ئازار و پرسیاری ناو گۆڕ] ٢٠٩


www.ketab.ir

**[باسی تێکچوونی دونیا و زیندووبوونەوەی قیامەت]** ٢١٤
**[باسی وەستانی گۆڕەپانی مەحشەر (الْحَشْرُ فِي الْمَوْقِفِ)]** ٢١٧
**[باسی سەختایی (الْمَوْقِف) گۆڕەپانی مەحشەر]** ٢١٨
**[تکا گەورەکەی پێغەمبەر ﷺ لە گۆڕەپانی (مَحْشَر)]** ٢١٩
[باسی (اَلْعَرْض) بردنە لای خودا بۆ پرسیار (السُّؤال)] ٢٢٠
**[باسی دەفتەری کردەوەکان (صُحُفُ الْأَعْمالِ)]** ٢٢١
**[باسی لێکۆڵینەوەی ڕۆژی قیامەت (الْحِسابْ)]** ٢٢٢
**[باسی تەرازووی ڕۆژی قیامەت (الْمِیزان)]** ٢٢٣
**[باسی تۆڵە وەرگرتنی ڕۆژی قیامەت (القِصاصْ)]** ٢٢٥
**[باسی پردی دۆزەخ = (الصِّراطْ)]** ٢٢٦
**[باسی بەهەشت و دۆزەخ = (اَلْجَنَّةُ وَالنَّارُ)]** ٢٢٨
[توانینی بەندە دوو جۆرە] ٢٣٢
**[بەندە سەرپشکە لە وەدەستهێنانی کردەوەکانی]** ٢٣٤
[داوالێکردنی خوا بە گوێرەی توانای بەندەکانە] ٢٣٧
**[باسی دوعاکردن و خێرکردن بۆ مردووان]** ٢٤٠
**[باسی دوعاکردن]** ٢٤٢
**[باسی سەحابەکانی پێغەمبەر ﷺ]** ٢٤٤
**[باسی هەر چوار خەلیفەکانی پێغەمبەر (الْخُلَفاءِ الرَّاشِدِینْ)]** ٢٤٨
**[باسی دە سەحابەکەی موژدە پێدراو بە بەهەشت (العَشَرَةُ المُبَشَّرَةُ)]** ٢٥١
**[باسی ژنەکانی پێغەمبەر ﷺ]** ٢٥٢
[باسی منداڵەکانی پێغەمبەر ﷺ] ٢٥٤
**[باسی پێشینە باشەکان = (السَلفُ الصَّالِحُ)]** ٢٥٥
**[باسی (وَلِي) و (کَرامَة)]** ٢٥٧
[باوەڕ بە فاڵچی ناکەین] ٢٦٣
[دوا وتەی ئیمامی (الطَّحاوِی)] ٢٦٩
**[دوا وتەی ڕوونکەرەوە]** ٢٧١

# بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحيمِ

## پێشەکی

### تکایە بە وردی بیخوێنەوە

اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا، مَنْ يَهْدِ اللّٰهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، اَللَّهُمَ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَما صَلَّيْتَ عَلَى إِبْراهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْراهِيمَ فِي الْعَالَمِينَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، وَسَلِّمْ تَسْلِيماً كَثِيراً.

ئەی موسوڵمانی بەڕێز خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَاعْتَصِمُوابِحَبْلِ اللّٰهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ آل عمران:١٠٣، دەست بە ئایینی خواوە بگرن و پەرتەوازە مەبن.

واتە: لە قورئان و حەدیس و کۆمەڵی موسوڵمانان جیا مەبنەوە.

هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ آل عمران:١٠٥، ئێوە ـ ئەی موسوڵمانان ـ وەکوو جوولەکە و دیانەکان مەبن کە پەرتەوازە بوون و لە ئایینی خۆیاندا ـ بە هەوەسی خۆیان ـ ڕای جیاجیایان گرتەبەر، پاش ئەوەی بەڵگەی ئاشکرایان بۆ هات: کە یەككۆمەڵی باشە و پەرتەوازەیی خراپە، ئەم پەرتەوازەچیانە سزایەکی گەورەیان بۆ ئامادە کراوە.

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: «إِنَّ أَهْلَ الْكِتَابِ تَفَرَّقُوا فِي دِينِهِمْ عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ مِلَّةً، وَتَفْتَرِقُ هَذِهِ الأُمَّةُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ مِلَّةً ـ يَعْنِى الأَهْوَاءَ ـ كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلَّا وَاحِدَةً: وَهِيَ الْجَمَاعَةُ، وَفِي رِوايَةٍ: ما أَنَا عَلَيْهِ

www.ketab.ir

**اَلْيَوْمَ وَأَصْحابِي**» رواه الترمذي، والحاكم، جـووەكان و دیانـەكان لـە ئایینی خۆیاندا پەرتەوازە بوون و بوونە حەفتاو دووگرۆە، ئەم ئوممەتەی منیش پەرتەوازە ئەبێ و ئەبێتە حەفتاو سێ گرۆە ـ بە هەوا و هەوەسی خۆیان ـ ، ئەو گرۆهانە گشتی بۆ دۆزەخە، تەنها یەك گرۆە نەبێ: كە كۆمەڵە، ئەو كۆمەڵەی لە سەر ڕێبازی ئێستای من و (**صَحابَة**)ی منە.

ئینجـا بزانـە: لـە وشـەی (**أَهْلَ الْكِتابِ**) و (**هَذِهِ الأُمَّة**) دەر ئەكەوێ كە مەبەستـ لەم گرۆهانە: گرۆهی ئایینیـن، نەك گرۆهی (**علماني**)!!!، چونكـە لـە كاتی پەرتـەوازەی جـوو و دیانـەكان (**علمانية**) نەبـوو، (**علماني**)یەكانی ئێستاش بە ناوی ئوممەتی ئیسلام گرۆهەكەی خۆیان پێك ناهێنن، ئینجا ئەبینەوەی ئەم حەفتاو دوو گرۆهە ئایینیانە گشـتی گومڕا و سەرلێشێواون، بە (**أَهْلُ الْبِدْعَة وَالضَّلَالَة**) ناو ئەبرێن.

هەروەهـا تاكـە كۆمەڵەكـەی لە سـەر ڕێبـازی پێغەمبەرﷺ و (صحابة)كانـە، بـە (**أَهْلُ السُّنَّة وَالْجَماعَة**) ناو ئەبرێن، چونكە باوەڕیان بـە قورئان و حەدیسـە سـەحیحەكانی پێغەمبەرﷺ هەیـە ـ كە لە (**البخاري**) و (**مسلم**) و (**الترمذي**) و (**النسائي**) و (**أبوداود**)... هتـد، دایە و باوەڕیان بە (**خِلَافَةُ الرَّاشِدين**) هەیە: كە (**أبوبكر**) و (**عمر**) و (**عثمان**) و (**علي**)یە، لە ڕێبازی ئەم چوار خەلیفانە لانادەن و گشتی (**صحابة**)ی پێغەمبـەرﷺ بـە دادپـەروەر ئەناسـن و ڕێـز لە گشـت زانایانی (**السَّلَف الصَّالح**)[1] ئەنێـن و لە یەكدەنگی (**إجماع**)ی زانایانی ئیسـلام دەرناچن... هتد: كە لەم عەقیدەدا باسی ئەكەین، إنْ شاءَ الله تعالى.

ئینجـا بزانە: ئێسـتا چەند گرۆهێك لەم حەفتاو دوو گرۆهـەی (**أَهْلُ البِدْعَة**

---

١. مەبەسـت لە (**السـلف الصالح**): زانایانی سـەدەی یەكەم و دووەم و سـێیەمی كۆچییە، هەروەك لە شوێنی خۆیدا باسی ئەكەین. إن شاء الله.

وَالضَّلَالَة) لە وڵاتانی ئیسلامدا هەنە، کوردستانی ئێمەش چەند گرۆهێکی لەم حەفتاو دوو گرۆهەی تێدانە: وەکوو (شِیعَة) و (خَوارِج) و (مُجَسِّمة) و (مُشَبِّهَة) و... هتد.

ئینجا ئەم گرۆهانە بۆ چەسپاندنی (بِدْعة) و (ضَلالة) و گومڕاکردنی موسوڵمانان، سیاسەتی (**حَصْر الْمَصادر**)[1] واتە: (کورت کردنەوەی

---

١. سیاسەتی (**حَصْر المَصادر**) ئەوەیە: سەرکردە، یان مامۆستا، یان هەر ئەندام حزبێکی‌تر، چەند سەرچاوەیەکی تایبەت بۆ قوتابی دیاری بکەن و لە سەرچاوەی زانستەکانی‌تر قەدەغەی بکەن، یان لە لای ناشیرین بکەن؟ تاکوو ـ جگە لە سەرچاوەکانی دیارکراو ـ باوەڕی بە هیچ سەرچاوەیەکی‌تری زانست نەبێ و نەشتوانێ زانستێک، وەها وەدەست بێنێ: کە ڕێگای ڕاستی پێ بدۆزێتەوە، تاکوو بەردەوام لە شوێنکەوتنی کوێرانەدا بمێنێتەوە، کەواتە: هەرکەسێك سەرچاوەی هەمەجۆر بخوێنێتەوە، شارەزای ڕاستی ئەبێ و چەوتی ئەوانیشی بۆ ئاشکرا ئەبێ و شوێنکەوتەیان نابێ کەوابوو: ئەم سیاسەتە بۆ بەرژەوەندی ئیسلام نییە، بەڵکوو بۆ بەرژەوەندی کەسێکی، یان گرۆهێکی، یان مەزهەبێکی چەوت و نارەوایە، کە نایانەوێ چەوتییان ئاشکرا ببێ؟ تاوەکوو دۆستان و لایەنگریان کەم ببنەوە.

جا ئەی موسوڵمانی خۆشەویست، وا بە چاوی خۆت ئەبینی: کە گرۆهەکانی (**البدعة والضلالة**) چۆن پێت ئەڵێن: تەنها ئەم نامیلکەیە بخوێنەوە و ئەڵێن: ئەم کتێبە باش نییە و مەیخوێنەوە، ئەو هەموو کتێبانەی (**عەقیدە**) و (**تفسیر**) و (**شرح حدیث**) و (شەریعەتی ئیسلام) لە لای ئەوان گشتی ناتەواو و باوەڕ پێنەکراوە، تەنها چەند نامیلکەیەکی ڕەنگاوڕەنگ نەبێ: کە سەرانی خۆیان ـ بە دەستی تەسکی مەزهەبی ـ نووسیویانە، ئەوەندە دوژمنی (**أَهْلُ السُّنَّة وَالجَماعَة**)ن: کە هیچ ڕێزێك بۆ یەکدەنگی (إجماع) زانایانی (**السَّلَفُ الصَّالِح**) دانانێن و لایان وایە: ئەو هەموو زانا بەڕێزانە گشتی لە هەڵەدا ژیاون و لە سەر هەڵە مردوون و تەنها خۆیان لە سەر ڕێگای ڕاستن، جا ئێمە لێیان ئەپرسین: ئایا ئەگەر ئەو هەموو زانا بەڕێزانە بە هەڵەدا چووبن، ئێوە ڕێگای ڕاستتان چۆن دۆزییەوە؟ ئایا ئەگەر بگونجێ ئەو هەموو زانایانە بە تێکڕایی بە هەڵەدا بچن، چۆن پێغەمبەر ﷺ ئەیفەرموو: **«إِنَّ اللَّـهَ لَا يَجْمَعُ أُمَّتِي عَلَى ضَلَالَـةٍ» رواه الترمذي**، خوای گەورە ئوممەتی من لە

www.ketab.ir

سەرچاوەكانی زانست لە چەند سەرچاوەیەكی تایبەتدا) بەكار ئەهێنن و بە شێوەیەكی وەها هێرش ئەكەنە سەر زانایانی ڕابردووی ئیسلام كە لاوەكانی ئیسلام وایان لێ بێ: (ئەفەندی)یەكی خاوەن شەهادەی ئەوروپی، بە زاناتر و بەڕێزتر تەماشا بكەن لە زانایەكی (السلف الصالح)ی خاوەن شەهادەی پێغەمبەرﷺ[1]. جا بە تایبەتی لە كوردستاندا بە ناوی

---

ـەر گومرایی كۆ ناكاتەوە؟. كەوابوو: ئەم حەدیسە بەڵگەیە: كە ئێوە گومڕان و لە (**إجماع**)ی زانایان دەرچوون «**وَمَنْ شَذَّ شَذَّ إِلَى النَّارِ**» **رواه الترمذی**، هەر كەسێك لە یەكدەنگی زانایان دەرچێ بەرەو دۆزەخ دەر ئەچێ!. ـ ڕوونكەرەوە.

١. [پێناسەی ئیمامی (الأشعري)]

یەكێك لەو زانایانەی هەڵگری شەهادەی پێغەمبەرەوەﷺ (**خَوارِج**) دژایەتی ئەكەن: ئیمام (**أَبُوالحَسَن الأَشْعَرِي**)یە، ئیمامی (**الأشْعَرِي**) یەكێكە لە زانایانی (**السَّلَفُ الصَّالِح**) چونكە لە سەدەی سێیەمدا لە ساڵی (٢٦٠)ی كۆچی لە دایك بووە، خوای گەورە تەمەنی درێژ كردووە، تا (٢٣) ساڵیشی لە سەردەمی (**خَلَفْ**) تەواو كردووە، چونكە لە ساڵی (٣٢٤)ی كۆچیدا وەفاتی كردووە، كەوابوو: لە سەر مەزهەبی (**سَلَف**) و (**خَلَف**) بەرگری لە (**عَقِيدَة**)ی ئیسلام كردووە.

ئیمامی (**أَشْعَرِی**) هاوچەرخی ئیمامی (**الطحاوی**) بووە نەژادیشی ئەچێتەوە سەر حەزرەتی (**أَبُومُوسَى الأَشْعَرِی**ﷺ) كە یەكێكە لە (**صحابة**) بەڕێزەكانی پێغەمبەرﷺ، ئەو بەڕێزە لە پێشدا (**مُعْتَزِلَة**) بوو، بەڵام تەوبەی كرد و گەڕاوە سەر ڕارەوی (**أَهْلُ السُنَّة وَالجَماعَة**)، لە لقەكانی ئایینیش هاتە سەر مەزهەبی (**الشَّافِعِی**)، لەگەڵ ئیمام (أبومنصور الماتردی)ـ كە ئەویش هاوچەرخی خۆی بوو و لە سەر مەزهەبی (**الحَنَفِی**) بووـ بەرگرییان لە (**عَقِيدَة**)ی ئیسلام ئەكرد.

ئیمامی (**الأَشْعَرِی**) كتێبی (**الإبانة عن أصول الديانة**)ی لە سەر ڕارەوی (**السلف**) دانا، ئینجا كە دیتی (**أَهْلُ البِدْعَة**) خۆیان تێكەڵی (**متشابهات القرآن**) ئەكەن و ئەڵێن: خوا ئەندام و لاشە و شوێنی هەیە، ناچار ـ بۆ دەمكوتكردنی ئەوانە ـ كتێبی (**اللّمع في الرّد على أهل البدع**)ی دانا، كە دوایین داندراویەتی لە سەر ڕارەوی (**أَهْلُ السُنَّة وَالجَماعَة**)، شێوەی (**خَلَفْ**)ی تێدا بەكار هێناوە.

www.ketab.ir

(السَّلَف الصَّالح) بانگەوازیەکـی وا ئەکەن: کە لاوەکانیان لە ڕێبازی (أَهْلُ السُّنَّة وَالجَمَاعَة) لاداون و بەرەو گومڕایی (أَهْلُ البِدْعَة وَالضَّلَالَة) ئەیانبەن.

لـەم بابەتـە (حُذَيفة رضي الله عنه) پرسـیاری لـە پێغەمبـەر ﷺ کـرد و گوتـی: «...فَهَلْ بَعْدَ هٰذَا الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ ﷺ: نَعَمْ، دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا. قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ صِفْهُمْ لَنَا؟ قَالَ ﷺ: هُمْ مِنْ جِلْدَتِنَا، وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا. قُلْتُ: فَمَا تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ؟ قَالَ ﷺ: تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ. قُلْتُ: فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ؟ قَالَ ﷺ: فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ بِأَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ» رواه الشيخان،

---

دەربارەی هۆزی (الأشعري) پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: «نِعْمَ الْحَيُّ الأَشْعَرِيُّونَ، لَا يَفِرُّونَ فِي القِتالِ وَلَا يَغُلُّونَ، هُمْ مِنِّي وَأَنا مِنْهُمْ» رواه الترمذی، واتە: باشـترین هۆز (أَشْـعَرِی)یەکانن، لە جەنگدا ناڕۆن و دزیش لە تاڵان ناکەن، ئەوان لە منن و منیش لە ئەوانم. ئەو شـەهادە بەرزەی کە ئەفەرموێ: «هُـمْ مِنِّی وَأَنا مِنْهُمْ» رواه الشیخان أیضاً گەورەترین سەربەرزییە بۆ ئیمامی (الأَشْعَرِي) و هۆزەکەی.

ئینجـا بزانە: دژایەتی (أَهْـلُ البِدْعَة) ـ بـە تایبەتی (خَوارِج) ئەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی ئیمامی (عَلِی) رضي الله عنه، واتە: (خَوارِج) لە لەشـکری ئیمامی (عَلِی) جیا بوونەوە و گوتیان: (عَلِـی) کافر بووە. هەروەها گوتیان: (أَبُو مُوسَـى الأَشْـعَرِي)ش کافرە، چونکە نوێنەری ئیمامـی (عَلِی) بـووە و بە(تحکیم) ڕازی بوو. جا لەو ڕۆژەوە (خَوارِج) لەگەڵ (أَشْعَرِي) یـەکان بوونـە دوژمـن، واتە: چونکە نـەژادی (أَبُو الحَسَـن الأَشْـعَرِي) ئەچێتەوە سەر (أَبُو مُوسَـى الأَشْـعَرِي)، ئێسـتاش (خَـوارِج) هەر دژایەتـی ئەکەن و ئەڵێـن: عەقیدەی (الأَشْـعَرِي) خراپـە. هەروەها ئەڵێن: (أَشْـعَرِي)یەکان لـە (أَهْلُ السُّـنَّة وَالجَماعَة) نین.

جا ئەی موسوڵمانی بەڕێز، لەو ڕوونکردنەوەیەدا بۆت ئاشکرا بوو: کە (أَبُوالحَسَنْ الأَشْعَرِي) یەکێکە لە زانایانی (السَّلَفُ الصَّالِح) و لە سەر ڕارەوی (أَهْلُ السُّنَّة وَالجَماعَة)یە، بە ناهەق (خَوارِج) دژایەتی ئەکەن و بوختانی پێ ئەکەن و ڕاستی چەوت ئەکەن. ـ ڕوونکەرەوە.

ئایا لە پاش ئەو چاکەیە خراپە ئەبێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ، کۆمەڵێکی بانگەوازکار لە سەر دەرگەی دۆزەخن هەر کەسێك بە دەم بانگەوازیەکەیان بچێ فڕێی ئەدەنە ناو دۆزەخ. گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمان ڕوون بکەوە ئەو بانگەوازکارانە چۆنن؟ فەرمووی: ئەوانیش لە هۆزی ئێمەنە و بە زمانی ئێمە گفتوگۆ ئەکەن. گوتم: چ فەرمانێکم پێ ئەکەی ئەگەر ئەو وەزعەم گەیشتێ؟ فەرمووی: کۆمەڵی موسڵمانان و پێشەوای موسڵمانان بگرەو لێیان جیا مەبەوە. گوتم: ئەگەر کۆمەڵ و پێشەوایان نەبوو، چی بکەم؟ فەرمووی: خۆت لەو هەموو گرۆهانە جیا بکەوە بە گشتی، هەرچەند بە ددان بنکە دارێك (درەختێك) بگری تا ئەمری، تا لە سەر ئەم جیابوونە بمێنەوە.

ئەی موسڵمانی بەڕێز: ئەم بانگەوازەیەی (أَهْلُ البِدْعَة وَالضَّلَالَة) ئەنجامی ئەدەن، گشتی بۆ قەرانجی (کُفرْ)ە و بە پشتیوانی (کُفرْ)ە، چونکە (کُفرْ) بۆ زاڵبوون بە سەر ئیسلامدا بەرنامەی داناوە و ئەڵێ: (فَرِّقْ تَسُدْ) پەرت بکە، گەورە ئەبی.

هەروەها ئەڵێ: (حارِبِ الإسْلَامَ بِالإسْلَام) بە ئیسلام جەنگ لەگەڵ ئیسلام بکە.

بەڵێ: (کُفرْ) زۆر بایەخ بە (أَهْلُ الْبِدْعَة وَالضَّلَالَة) ئەدا و بە ناوی ئیسلام چەند مەڵبەندێکی جۆراو جۆری خێرخوازییان بۆ ئەکاتەوە، هەر لە ڕێگای ئەم مەڵبەندانەش چەند قوتابخانەی بە ناو بانگەوازی ئیسلامی ئەکەنەوەو لە وانەکاندا ژەهر تێکەڵی هەنگوین ئەکەن و ئەڵێن: ئێمە ئایینی ئیسلام نوێ ئەکەینەوەو (بدعة) و (ضلالة) لە ناو ئەبەین، ئێمە تەنها ڕەفتار بە قورئان و حەدیس ئەکەین.

(بەڵام لە ڕاستیدا: ئەوان هیچ لە قورئان و حەدیس نازانن، مەزهەبی

www.ketab.ir

ئەوان (طابور)ی پێنجەمە لە ناو ئیسلامدا).

ئینجا ئەی موسوڵمانی خۆشەویست: پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری ئێمەی کردووەو ئەفەرموێ: «عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفاءِ الرَّاشِدِينَ» رواه الترمذي، ئێوە ڕێبازی من و هەر چوار (خلیفة)کانی دوای من بگرنە بەر.

شتێکی ئاشکرایە: ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و چوار خەلیفەکان لە ڕێگای (السلف الصالح)ەوە گەیشتۆتە ئێمە، لەو پێڕاگەیاندنەدا ئەوان هیچ خیانەتیان نەکردووە، ئینجا لەوانیشەوە چینی (خَلَف) بە پوختەکاری زانستی ئیسلامیان لە ناو کتێبەکانیاندا تۆمار کردووە و بە بێ خیانەت قورئان و حەدیسیان ڕوون کردۆتەوە.

ئەو زانایانەی ئیسلام، چینی (سَلَف و خَلَف) هەردووکیان میراتگری پێغەمبەرن ﷺ، بۆیە ئەگەر زانایانی (سَلَف) لە سەر بڕیارێکی شەرعی ئیسلام یەکدەنگ بووبن، زانایانی (خَلَف) وەکوو قوتابییەکی دڵسۆزی ئیسلام ڕێزیان لە (إجماع) = یەکدەنگی (سَلَف) ناوەو ڕەفتاریان پێ کردوە.

کەوابوو: واجبە ئێمەش ملکەچی (إجماع) = یەکدەنگی (سَلَف) بین و ڕەفتاری پێ بکەین، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: «إِنَّ اللهَ لَا يَجْمَعُ أُمَّتِي عَلَى ضَلَالَةٍ، وَيَدُ اللهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ، وَمَنْ شَذَّ شَذَّ إِلَى النَّارِ» رواه الترمذي، خوای گەورە ئوممەتی من لە سەر گومڕایی کۆ ناکاتەوە، دەستی یارمەتی خوا لەگەڵ کۆمەڵدایە، هەرکەسێك لە (إجماع) - یەکدەنگی زانایان دەرچێ گومڕا ئەبێ و بەرەو ئاگر دەڕئەچێ.

ئەی موسوڵمانی خۆشەویست: منیش - وەکوو قوتابییەکی (السلف الصالح)- بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاڕەوی (أَهْلُ السُّنَّة وَالْجَماعَة) ویستم خزمەتێك پێشکەش بە لاوی کوردی موسوڵمان بکەم، بۆیێ ناوی خوام

هێناو دەستم کرد بە ڕوونکردنەوەی (العَـقِيدَةُ الطَّحاوِيَّة)[1] کە یەکێکە لە (عَقِيدَة)ەکانی باوەڕپێکراو و ئیمام (ابو جعفر الطحاوی) لەسەر ڕاڕەوی (أَهْلُ السُنَّة وَالْجَماعَة) دایناوە.

ئیمام (أَبُو جَعْفَر الطَّحاوِي) لە سەر ڕاڕەوی (أَهْلُ السُنَّة وَالجَماعَة) دایناوە. ئینجا بە پشتیوانی خوای گەورە، بە شێوەیەکی وەها ڕوونی ئەکەمەوە: کە بانگەوازکارانی (البِدْعَة وَالضَّلَالَة) دەمکوت ببن و چیتر لاوەکانی کوردی موسوڵمان تەفرە نەدەن و سەریان لێ نەشێوێنن، ـ بە یارمەتی خوا ـ بە شێوەیەکی وەها ڕوونی ئەکەمەوە: کە لاوی کوردی موسوڵمان بە بەڵگە دڵنیا بکا و وەهای لە (عَقِيدَة)ی (أَهْلُ السُنَّة) شارەزا بکا: کە بە بەڵگەی بەهێز مەیدان بخوازێتەوە بە بانگەوازکارانی (البدعة والضلالة) بڵێ: (ئەوە ئەڕز و ئەوە گەز، سوپاس بۆ خوا، فێڵبازیی ئێوەمان بۆ ئاشکرا بوو، جارێکی تر بە گوتەی سەرلێ گێژ و بن ئاڵۆزی ئێوە هەڵناخەڵەتێین.

ئینجا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم (عَقِيدَة)یە سوودم لە چەند سەرچاوەیەکی

---

١. پێناسەی ئیمامی (الطحاوی)
عەقیدەی (الطَّحاوِی) داندراوی ئیمام (أبوجعفر أحمد بن محمد الطحاوي)یە، ئەم بەڕێزە یەکێکە لە زانایانی (السَّـلَفُ الصَّالِح)، چونکە لە سەدەی سێیەمدا لە ساڵی (٢٣٩)ی کۆچی لە دایك بووە، خوای گەورە تەمەنی درێژ کردووە، تا (٢٠) ساڵیشی لە سەردەمی (خَلف) تەواو کردووە، چونکە لە ساڵی (٣٢١)ی کۆچی وەفاتی کردووە، کەوابوو: ئەم بەڕێزەش هاوچەرخی ئیمامی (الأَشْعَري) بوو، لە گێڕانەوەی حەدیس بە باوەڕپێکراو ناسراوە، لە (فقه)ی ئیسلامیدا دەستێکی باڵای هەبوو، چونکە دەرسی (فقه)ی لە لای ئیمامی (المزنی) خوێندووە، کە خاڵی خۆی بوو و قوتابیی ئیمامی (الشَّافِعِی) بوو، بەڵام: کە تەمەنی بووە (٢٠) ساڵ چووە سەر مەزهەبی ئیمامی (الحَنَفِي)، کەوابوو: ئیمامی (الطحاوي) بە شەرعزانێکی (الحَنَفِي) ناسراوە، خوا لە هەمووانیان ڕازی بێ، آمین.

www.ketab.ir

باوەڕ پێکراو وەرگرت، وەکوو:

١- «الإعتقاد، على مذهب السلف وأصحاب الحديث»، دانراوی ئیمامی (البيهقي) چاپی یەکەم، ساڵی (١٤٠١)ی کۆچی، (دار الآفاق الجديدة) بيروت.

٢- «شرح صحيح مسلم» دانراوی ئیمامی «النواوي» چاپی حەفتەم، (١٣٢٧)ی کۆچی - بهامش القسطلاني «دار إحياء التراث العربي» بيروت.

٣- «فتح الباري شرح صحيح البخاري»، دانراوی ئیمام «ابن حجر العسقلاني»، چاپی یەکەم، (١٤١٠)ی کۆچی، «دار الكتب العلمية» بيروت.

٤- «الإتقان في علوم القرآن»، دانراوی ئیمام «جلال الدين السيوطي»، چاپی (١٩٧٣)ی زایینی، «المكتبة الثقافية» بيروت.

٥- «فتح المبين شرح الأربعين النواوية»، دانراوی ئیمام «ابن حجر الهيتمي»، چاپی (١٣٢٠)ی کۆچی، «المطبعة العامرة الشرفية» مصر.

٦- «شرح العقيدة الطحاوية»، دانراوی «ابن أبى العز الدمشقي»، چاپی سێیەم، (١٤١٢)ی کۆچی، «مؤسسة الرسالة» بيروت.

٧- «تحفة المريد على جوهرة التوحيد»، دانراوی «ابراهيم البيجوري»، چاپی (١٣٢٠)ی کۆچی، «المطبعة اليمنية» مصر.

٨ «نثر اللآلي على نظم الآمالي»، دانراوی «السيد عبد الحميد الآلوسي»، چاپی (١٣٣٠)ی کۆچی، «مطبعة الشابندر» بغداد.

جگە لەمانەش، لە چەند سەرچاوەیەکی تر سوودمان وەرگرتووە و لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان بۆ ئەکەین، هەر سەرچاوەیەکیش کە ناوی ئەهێنین، لاپەڕەکەش دیاری ئەکەین، تاکوو دڵنیا ببی و بە ئاسانیش شوێنی باسەکە بدۆزیەوە.

بەڵام ئەی موسوڵمانی بەڕێز! ئاگاداربە: هەر کاتێك ئاماژە بۆ

www.ketab.ir

سەرچاوەیەك ئەكەم ـ ئەوە لە هەموو شوێنێکدا ـ وا ناگەیەنێ: کە من دەقی فەرموودەکەی ئەوم وەرگێڕاوە، بەڵکوو بە زۆری مەبەستم ئەوەیە: پوختەی باسەکەم کردۆتە کوردی.

هەروەها بە زۆری ئەبینی: دوو سەرچاوە، یان زیاترم نووسیون، چونکە باسەکەم لە گشتیان پێك هێناوەو بە پوختەکراوی نووسیومە، کەوابوو: ئەگەر گومانت لێ پەیدا بوو ـ بۆ دڵنیایی ـ بڕوانە گشت سەرچاوەکانی باسەکە، بەم ئاماژەیە: (ل) واتە: لاپەڕە، (ب) واتە: بەرگ.

ئینجا ئەگەر هەریکە خوێندەوارێکی تەفرەدراو، یان بانگەوازکارێکی **(البدعة والضلالة)** گوتی: ئەم سەرچاوانە جێگەی باوەڕ نین. یان گوتی: ئەو زانایانە شارەزای (عَقِيدَة) نین. لە وەڵامیدا بڵێ: ئەی جەنابی پێ نەگەیشتووی ناتێگەیشتووی سەدەی پانزەمی کۆچی، جەنابت سەرت لێشێواوەو لە کاروانی میراتگرانی کۆچکەر ﷺ بەجێ ماوی.

پێی بڵێ: ئەو زانا بەڕێزانە شۆڕەسوارانی مەیدانی میراتی پێغەمبەرن ﷺ و قوتابیی قوتابخانەی **(أَهْلُ السُّنَّة وَالجَمَاعَة)**ن و بە پەیڕەوی **(السلف الصالح)** پێگەیشتوون، بەڵام جەنابت یاریکەری مەیدانی تۆپی پێی و قوتابی قوتابخانەی **(علمانية)**ی سەدەی بیستەمی زایینی و بە نامیلکۆکەی ڕەنگاوڕەنگ پێناگەیی و هەر بە فەریکی ئەمێنیەوە.

گومانم نییە: جیاوازی ئەوان و ئێوە ئاسمان و ڕێسمانە، بەڵام داخەکەم «تادار» بە ئاوی سارد و شیرین ئەڵێ: تاڵە. «چاوئێش»یش ڕقی لە تیشکی ڕۆژە.

**«عبدالله عبدالعزیز» هەرتەلی ـ**

**هەولێر کوردستان ـ محرم (١٤١٦)ی کۆچی**